# دڕندەیی پۆلیسی بەناو دژی ئاژاوەگێڕی بەریتانیا دژی خۆپیشاندانی هێمنانەی خەڵک لەرۆژی 1 ی نیسانی ئەمساڵ لەکاتی کۆبونەوەی سەرانی 20 وولاتی سەرمایەداریی دەوڵەمەندی جیهان(G20) لەلەندەن لەزمانی چەند کەسێک لەبەشداربوانی خۆپیشاندانەکەوە.

محسن کریم کردویەتی بەکوردی.

مردنی ئان تۆملنسن بوەهۆی ئەوەی کە چالاکیەکانی پۆلیس لەماوەی خۆپیشاندانەکانی دژی سەرانی G20 لە شاری لەندەن لە رۆژی یەکی نیساندا زیاتر بکەویتەژێر سەرنجەوە. رۆژنامەی گاردیان لەگەڵ چەند کەسێکدا چاوپێکەوتنی سازداوە کەئاماژە بەوەدەکەن لەلایەن پۆلیسەوە خراپ مامەڵەکراون. ئەمەش هەندێ لەو چیرۆکانەیە:

1- مایکڵ پریێستن، 43 ساڵ، وێنەگرو رۆژنامەوان، دانیشتووی لەندەن. کاتژمێر 1.22ی دوانیوەڕۆی 1-4-09

لەسەر شەقامی ئۆڵد برۆد موحەقیقێک کە دەیویست رۆژنامەنوسەکان بەرەودواوە دووربخاتەوە، لەپشتەوە پاڵی پێوەنام. کەوتم بەزەویداو لاپتۆپەکەم شکا. کاتێک پێموت: تۆ پاڵت پێوەنام، دەموچاوی هێنایەپێسەوە بۆلای دەموچاوم و بەهەموو هێزیەوە قیژانی بەسەرمدا' بێعەقڵ مەبە، پێشنیارەکەت بێمانایە'

پۆلیس دەیویست وێنەگرەکان دووربخاتەوە بۆئەوەی وێنەی خۆپیشاندانەکە نەگرین. هیچکام لەئێمە نەمانتوانی بەپێی پێویست و بەباشی کارەکانمان ئەنجام بدەین. دواترو دوای نیوەرۆ لەسەر شەقامی ثرێدنیدل، پۆلیس سەرگەرمی پەلاماردان و لێدانی یەکەم چوار ریزی خەڵکەکە بوون، بەڵام بەهۆی بەرگری ریزەکانی دواوە هەوڵەکانی پۆلیس بێئاکامبوو.

پۆلیس حەیزەران و کێبڵی دەوەشاند. پێموایە کە ئەوانە تێکەڵێکبوون لە پۆلیسی هاتوچۆو پۆلیسی لەندەن. من لەناوخەڵکەکەدا دەسوڕامەوە. دوای ئەوەی لەسەعات 1.21 دا وێنەیەکم گرت، کامێراکەم بەدەستی راستمەوە گرت و کارتێکی رۆژنامەنوسیشم بەدەستی چەپمەوە. هاوارم کرد لە پۆلیس:' من رۆژنامەنوسم، رۆژنامەنووس'. ئەو ئەفسەرەی کە بەرەورووم هات چاوی تێبڕیم و هاواری کرد:' با رۆژنامەنووس بیت. بگەڕێ دواوە.' من نەمدەتوانی بەهیچ لایەکدا بڕۆم. پاشان حەیزەرانەکەی دەستی بەرزکردەوە و کێشای بە ئەنیشکی چەپمدا. بێگومان کارتی رۆژنامەوانیەکەشمی بینی. لەژیانمدا هەستم بەئازاری وانەکردبوو. نەمتوانی چاوم بکەمەوە. دواتر باڵم بەقەدەر پەتاتەیەک ئاوساو دەستم شکا.

من ئێستا داوای کلاویکی سەربازیم کردوە کە لەپێشەوەو دواوە ئارمی رۆژنامەوانی لەسەربێت بۆئەوەی بمپارێزێ کاتێ لەداهاتوودا وێنەی خۆپێشاندانی دیکە دەگرم.

2- جاک برایت، 19 ساڵ، دانیشتووی شاری کەنت. شەقامی ثرێدنیدڵ، کاتژمێر 4.45 ی دوانیوەرۆ.

ئێمە لەپێشەوە بووین. لێمدرا. چەند مەترێک چومەپێشەوە و زۆر بەتوندی لێدرام.سەرەنجام لەنزیک رۆیاڵ بانکی سکۆتلەنداوە- تێگەیشتم کە شەرێکی گشتی ( لەنێوان پۆلیس و خۆپیشاندەراندا) بەرپابوە. بەلاَم دوای ئەوە لەوناوەدا دانیشتین بۆئەوەی نارەزایەتیەکی هێمنانە نیشان بدەین کاتێک پۆلیس شالآویان هێناو کەوتنە لێدانمان.

3- کاتژمێر 7.15 ی ئێوارەی هەمان رۆژ وهەمان شەقامی ثرێدنیدڵ

پیاوێک لەنزیک بانکی ئینگلتەراوە لەلایەن سەگی پۆلیسەوە بریندار دەکرێ.

4- کاتژمێر 11ی شەو، لای بایشۆپ گەیت، ئێرنست رودکەری تەمەن 71 ساڵ، دارتاش، دانیشتوی باشوری لەندەن.

من لەناو خۆپیشاندانەکە بووم لەنزیکی بانکی ئینگلتەرا. ئێوارە لەگەڵ هاورێیەکمدا چووین بۆ (کلایمەیت کەمپ) بۆئەوەی بزانم چی لەگۆرێیە.

پێش ئەوەی بگەینە ئەوێ، تووشی زنجیرێک لە پۆلیسی "دژی ئاژاوگێری!" بووین کەخەڵکیان بەرەو لای سەرەوەی بایشۆپ گەیت پاڵپێوەدەنا. زۆر تورەو دەمارگرژبوون. هاواریان دەکرد،' برۆن، برۆن'. دەیان نەراند. هەندێ کەس هەوڵیاندا کە لە قەراغی جادەکەوە رێگای خۆیان بکەنەوەو برۆن بەلاَم پۆلیس رێگای نەدەدان.

ژنێکم بینی کەلەسەر زەوی کەوتبوو دەستیشی بەسەریەوە گرتبوو. وادیاربوو کە زەندەقی چووبوو. پۆلیسێک بەسەرسەریەوە وەستابوو و هاواری دەکرد'برۆ'. ئەو خەڵکەی لەوێبوون نزیکەی 100 کەسێک دەبوون. گروپێکی تۆقێنەر نەبوون.

پاشان بەبێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەک، دوو پۆلیس بەلێدان دامیان بەزەویدا.تارادەیەک لەوەدەچوو کەبەسەر ئان تۆملنسن هات. پاڵ پێوەنان نەبوو، وەکو لێدانی تۆپی رەگبی وابوو.

کامێراکە بەدەستمەوە بوو بۆیە نەمتوانی خۆم بگرمەوە و زۆر بەتوندی کەوتم بەزەویدا. هەرچۆنێک بوو هەستامەوە و ئەوانیش پڕ بەدەمیان دەیان نەڕاند بەسەرمدا ' برۆ، دەی بڕۆ'. ئەمە وەکو تاکتیکێک وابوو بۆ ترساندنی خەڵک. ئینجا دوبارە لێیاندامەوە.

نازانم چەند پۆلیس پاڵی پێوەدەنام. من تائەوکاتەش باش خۆم بۆرانەدەگیرا. چەندساڵێک لەوەپێش سمتم شکابوو بۆیە دەترسام کە بۆ دووەمجار بشکێتەوە.

هەرواشبوو، لای خوارەوەم لەتەنیشتەوە پەڵەیەکی شینی گەورە دروستبوو کەزۆر ئازاری دەدام. چووم بۆلای دکتۆرەکەم، کاتێک سەیریکرد زۆر سەری سوڕما.

### 5– کاتژمێر 9.45ی ئێوارە، بایشۆپ گەیت، کریس ئابۆت، تەمەن 30 ساڵ، جێگری بەڕێوەبەری(Oxford Research Group think–tank) و دانیشتووی لەندەن

دوای یەکەم پەلاماری پۆلیس بۆسەر (کلایمەیت کەمپ) دەوروبەری کاتژمێر 7.30 ی ئێوارە، بارودۆخەکە ئارام بوبوەوە و ئێمە هەمومان تەنها لەوێ دانیشتبووین.

ئەوشتەی کە دوای ئەوە روویدا ئەوەبوو کە پۆلیسی"دژی ئاژاوەگێڕی" بەبێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەک خۆیانکرد بەناو خەڵکەکەدا. من تا ئەوکاتەش هەر لەسەر زەویەکە دانیشتبووم کە پۆلیسێک بەسەر سەری گێرڵفرێندەکەمدا دەستی درێژکرد بەرەو دەموچاوم و یەکراست کێشای بەلوتمدا. چاوم لێبوو کە مشتی ئامادەکردبوو بەڵام لەبیری خۆمدا دەموت:' بڕواناکەم ئەو بیەوێ ئەوکارە بکات'. بەکۆمەڵێک پۆلیس ، رەنگە 4 یان 5 دەوردرابووم. بەبۆکس کەوتنە گیانم و بەقەراغی قەڵغانەکانیان دەیانکێشا بەلای سەرو ئێسقانی لای چاومدا. من دەستم بەرەوسەرەوە بەرزکردبووەوە تانیشانیان بدەم کە بەرگری ناکەم و سەرم بەرەو سنگم شۆڕکردبووەوە بۆئەوەی بیپارێزم.

نیگەرانی گێرڵفرێندەکەم بووم چونکە لەبەرچاوم وون بووبوو، بەڵام بەرەبەرە نیگەرانی خۆشم دەبووم، بیرم لەوە دەکردەوە کە مەسەلەکە خەریکە لەدەست دەردەچێ. بۆم دەرکەوت کە لەگۆشەیەکی بچوکدا گیرم خواردووە. چاوم لە پۆلیس بوو کە لەوناوەدا دەسوڕانەوەو بەشوێن نێچیری دیکەدا دەگەڕان، بەڵام لەڕاستیدا بێجگە لەمن کەسی دیکەی لێنەمابوو. پۆلیس بەڕاستی دەستەیەک شەقاوە بوون. بەشوێن خەڵکدا دەگەڕان تا لێی بدەن. لەبیری خۆمدا دەموت:' رەنگە ئێستا وەزعەکە بۆگەنتر بێت.'

خۆشبەختانە کەسێک لەناو خەڵکەکەوە منی راکێشایە دەرەوە و ووتی،' وازی لێبێنن، ئەمە هیچی نەکردوە.'

پۆلیس هیچ شتێکی بەئێمە نەوتبوو. تەنانەت ئەوەی کە ئێمە ئەوێ جێبهێلین. لەراستیدا تەڵەیان بۆمان دانابوو. سەرجەم شتەکە گاڵتەجاری بوو. لەراستیدا خۆپیشاندانەکە زۆر بەرێکوپێکی پلانی بۆ دانرابوو، بەرەسمی لەگەڵ پۆلیس قسەکرابوو و ئیجازەی بۆ وەرگیرابوو. خەڵک هاتبوون تا نارەزایەتیەکی هێمنانە دەربڕن و دوای ئەوە بڕۆنەوە ماڵەوە، دەبوایە بەدڵخۆشیەوە ئەوەیان بکردایە.

## 6- کاتژمێر 9.45 ی ئێوارە، بایشۆپ گەیت، لویز برۆدبێنت ی 27 ساڵ، راوێژکاری ژینگەیی، دانیشتووی لەندەن

من لە ( کەمپی کلایمەیت) دانیشتبووم لەگەڵ بۆیفرێندەکەمدا، ماوەی دوو یان سێ کاتژمێر بوو لەوێ بووین. لەگەڵ پۆلیس نوکتەو قسەی خۆشمان دەکرد. نزیکەی نیوکاتژمێر پێش لەرووداوەکە، پێیان ووتین' موفاجەئەیەکی بچوکمان پێیە بۆتان'، بەڵام لەوەزیاتر شتێکی تریان نەووت.

پاشان بێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەک کە من گوێم لێبێت، پۆلیس راستەوراست شاڵاویان هێنا بۆ ناوەوە.دەستیان کرد بەتێهەڵدان و بۆکسلێدان. دوو پۆلیس هەریەکە لەلایەکەوە هەڵیانگرتم، ئینجا فڕێیاندامە دەرەوە.هەردوکیان لەهەردولاوە مەچەکیان گرتبووم، هەردوو دەستم بەرەو پشتم بادرابوو، پێیان دەوتم کە ئێستا مەچەکت دەشکێنین.

کاتێک کەوتمە دەرەوەی ئەڵقەی پۆلیسەوە دەیانووت،' ئێستا چی لێبکەین؟' ئینجا پێدەکەنین. پاشان یەکێکیان ووتی' با هەڵیدەینەوە ناوەوە'.

هاواریان دەکرد' خۆتان لادەن!' ئینجا بەراستی منیان بەجۆرێک هەڵدا کە سەرم لەپێشەوەو خۆشیان لەپشتەوە پێیان کێشام، هەرچەند خۆشبەختانە کەوتمە سەر کەسێک بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەقەدەر هێلکەیەک سەرم ئاوسا.

من نەمدەزانی ئەوان چی دەکەن. لام وابوو کە رام دەکێشنە دەرەوەو دەستگیرم دەکەن، یان دوورم دەخەنەوە. من لەلای ( کۆمیسیۆنی سەربەخۆی پۆلیس- IPCC ) و ئەندام پەرلەمانەکەم و ئەندامی ئەنجومەنی لەندەن شکاتم کردوە.

## 7- کاتژمێر 11.45 ی ئێوارە، بایشۆپ گەیت، پاوڵ ساڤیلی، خوێندکاری بەشی (زانستی کۆمەڵایەتی و زانستی تاوان)، خەڵکی شاری بریستڵ

ئینسان دەیتوانی هەست بەگۆڕانی بارودۆخەکە بکات. هەر ئەوەندی شەو داهات، ئەوەی پێی دەڵێن پۆلیسی رۆژ، نەرمونیان و رووخۆش، بەرەبەرە نەمان و لەجێگای ئەوان"پۆلیسی دژی ئاژاوە" هاتن.

کاتێک هاتنە ناوەوە یەکسەر دەستیان کرد بەلێدانی خەڵک بە حەیزەران و بە قەڵغانەکانی دەستیان. هەندێ کەس دانیشتبوون، ئەوانیش ڕێکوڕاست بەسەریاندا ڕۆشتن.

گێرڵفرێندەکەم لەخێمەکەی ئێمەدا بوو بۆیە من بەرەودواوە رامکرد. بەڵام لێشاوی پۆلیس زۆر بەخێرایی دەهات. حەیزەرانێک بەر ئەنیشکم، ئینجا یەکێک بەر مەچەک و دانەیەکی تریش بەرشانم کەوت. دووسێجار پاڵم پێوەنراو بەقورسی کەوتم بەزەویدا. دڵنیانیم کە ئەو حەیزەرانەبوو یان هی دیکە بوو کە مەچەکی شکاندم. نەمزانی کە مەچەکم شکاوە، بەڵام هەستم بە پەنجە گەورەی خۆم نەدەکرد.

ئەوکاتەی کە ئێمە بەرەو کۆتایی بەشی خوارەوەی بایشۆپ گەیت لول دراین، پۆلیس بەگاڵتەپێکردنەوە پێیان دەوتین' شەوتان شاد، خەوی خۆش ببینن، هیواداریت کە کاتێکی خۆشتان بەسەربردبێت'

ئێستاش کاتێک چاو دەنوقێنم گوێم لەهاواری پۆلیس دەبێ. مەچەکم چاک دەبێتەوە، بەڵام ئەو دیمەنەم قەت لەبیرناچێتەوە.

لەڕۆژنامەی گاردیانی ڕۆژی 11-04-2009 وە وەرگیراوە، محسن کریم کردویەتی بەکوردی.